# سەربردە مێژوویەک لەتێکۆشان




فەیلەسووفی یۆنانی ئەفلاتون لەم بڕوایەدایە پێویستە مرۆڤ بەردەوام بەدوای هەقیقەت و زانینی راستییەکان بگەڕێت، ئەم هەقیقەت و زانینی راستییەکان ئەگەر بۆ نەتەوەکانی سەر رووی زەمین جارێك گرنگ و پێویست بێت، ئەوا بۆ نەتەوەی کورد زیاتر لەجارێك گرنگ و ئەرزشمەندە، لەبەرئەوەی مێژوومان هەڵگری چەندین رووداو و بەسەرهات و وێستگەی گرنگی قارەمانێتی و فیداکاری و کۆڵنەدانە، کە پێویستە رووناکیان بخرێتە سەر، تا کورد خۆی و جیهانیش بەهەقیقەتی ئەم رووداوانە ئاشنا بێت.

لەم پێناوەدا پەرتووکی (سەربردە)ی مامۆستای هێژا محەمەدی مەلا قادر کە تەنیا کورتەیەك لەبەسەرهات و بیرەوەرییەکانی لەخۆگرتووە، شایانی هەڵوستە لەسەرکردنە لەبەرئەوەی چەندین رووداوی ورد و لاپەڕەی مێژوو رووناکیان خراوەتە سەر بەتایبەتی بەشێك لەم مێژووە لێڵ و نارۆشنەی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، خۆی وەکو شایەدحاڵێك و کەسێکی هەڵسوڕێنەری بەشێك لەم مێژوو بەشداری راستەوخۆی تێداکردووە.

لەم چەند بیرەوەرییە بەپێزەدا، هەروەکو محەمەدی مەلا قادر-مان وەکو کەسایەتییەکی خاکەرا و قسەخۆش، دڵنەرم و وەڵام بەدەست ناسیوە، رەنگدانەوەی ئەم تایبەتمەندیانە لەو بیرەوەرییانەدا بەوپەڕی راستگۆییەوە دەبینرێت، هەوڵێکی جیددی داوە بۆئەوەی خوێنەر بەوردەکارییە زۆر وردەکان ئاشنا بکات. پەرتووکی (سەربردە) لەدوو توێی ٢٧٢ لاپەڕە و ٦٨ بەش و بەشێکی تایبەت ئەرشیفی وێنە لەخۆدەگرێت، کە بەچاپێکی رەنگێن و ناوازە لەدەزگای ئاراس چاپکراوە. لەم دەرفەتە کورتەدا ناتوانین باس لەتێکڕایی وێستگەکانی ئەم مێژووە بکەین کە لەچوارچێوەی ئەم پەرتووکە خوێنەر پێی ئاشنابووە. بەڵکو تەنیا چەند لایەنێکی سەرنجڕاکێشی ئەم بیرەوەرییانە دەخەینەڕوو.

محەمەدی مەلا قادر وەکو بەشێکی زۆری سەرکردەکانی بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەیی کورد، لەبنەماڵەیەکی ئایینپەروەر لەدایك بووە، باوکی مەلا قادر ناسراو بەمەلا قادری قەڵاتە سۆرانی، شوێنپەنجە و رۆڵی لەمێژووی دەڤەری دەشتی هەولێر بەگشتی دیار و بەرچاوە، لەپێگەیاندنی "فەقێ، مەلا" ئەوانیش وەکو کۆڵەگەی بزاڤی رۆشنبیری کۆمەڵگای کورد دەبینرێن لەوکاتەدا.

ئەوکاتەی مرۆڤ بەوردی دەچێتە نێو قوڵایی ئەم رووداوانەی کە لە(سەربردە) باسکراوە، چەندین خاڵ و سەرەداوی گرنگی بەدەستدەکەوێت، دەتوانرێت سەرجەم ئەو خاڵانە وەکو ئەرشیڤێکی پڕبایەخ سوودیان لێوەربگرێت.

لەسەرەتای ژیانی منداڵیدا، محەمەد مەلا قادر لەسەر دەستی باوکی لەتەمەنی ٦-٧ساڵیدا بەماوەیەکی زۆر کەم قورئان خەتم دەکات. دەکەوێتە سەر رێگای جیهانی تەسەوف و رۆشنبیری و تێگەیشتن لەبوارەکانی ژیان. دواتر لەتەمەنێکی بەهاریدا، باس لەیەکێك لەوێستگە لەیادنەکراوەکانی ژیانی دەکات، ئەویش لە رێگەی شێخ حەنەش، برادەرێکی باوکی، لەسەردانێکدا لەساڵی ١٩٤٢ بۆ لای شێخ حەنەش، ناوی مەلا مستەفا، خۆڕاگری و بەرخۆدانی بارزان و ناوچەی بارزان دەبیسێت، ئەمەش ناشارێتەوە بیستنی ناوی بارزانی لەشێخ حەنەش-ەوە وایکردووە، پرسیاری زیاتر لەلا گەڵاڵە بێت و باوکی سەرقاڵ بکات بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، بۆئەوەی بەتێروتەسەلی بزانێت مەلا مستەفا کێیە و ناوچەی بارزان لەکوێیە، لەبەرئەوەی ئەوکات ناوی بارزانی و دەوڵەتی کوردی رستەیەکی تازە هەڵگری ماناگەلێك بووە لەهزر و هەستی کوردایەتی محەمەدی مەلا قادر و دەبێتە سەرەتای وەرچەرخانێك، گەڕان بەدوای مافی تاك و مێژووی کوردستان.

لەتەمەنی ٢٠ساڵیدا ژن بۆ محەمەدی مەلا قادر دەهێنن و لەدوای دوو ساڵ لەژیانی هاوسەرگیری باوکی کۆچی دوایی دەکات، لەلای هەندێ لەعالم و مەلایەکانی ئەوکات درێژە بەخوێندنی مەلایەتی دەدات لەوانە مەلا سەدیقی گردەسۆری، مامۆستا مەلا تەیب، مامۆستا ئەبوبەکر مەلاساڵحی گۆزەپانکەیی و.. تد. لەنێو کاروانی بینی ئەم عالمانەدا لەساڵی ١٩٤٩ لەلایەن مامۆستا گیوی موکریانی بەدنیای سیاسی ئاشنا دەبێت و لەساڵی ١٩٦٥ سەرەتا لەیەکێتی قوتابیان و دواتر لەپارتیدا دەبێتە ئەندام.

تایبەتمەندییەکی دیکەی محەمەدی مەلاقادر وەکو لەم زنجیرە بیرەوەرییە ئاماژەی بۆ دەکات، ئەو لەچوارچێوەی رێکخستنی کۆمەڵگا و پەراوێزنەخستنی هیچ تاکێك لەگەڵ ژمارەیەك لەفەقێیان بیر لەدامەزراندنی رێکخراوێك بەناوی (یەکێتی قوتابیانی ئایینی لەکوردستان) دەکەنەوە، لەماوەیەکی کورتدا بەئامادەبوونی زیاتر لە ٤٠٠ فەقێ لەسەرجەم شارەکانی کوردستان، کۆنفرانسێك ساز دەکەن، تێیدا محەمەدی مەلا قادر دەبێتە جێگر و سەرپەرشتی هەیئەتێك دەکات، بە بەرزکردنەوەی چەندین داواکاری بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان هەنگاوێکی تازە لەژیانی رێکخراوەیی کوردیدا بەڕووی بەدەستهێنانی داواکارییەکان هەڵدەگرن، لەنێو ئەم کاروانەدا لەدوای شۆڕشی ١٤ تەمموز بەسەرۆکایەتی هەیئەتێك سەردانی شاری بارزان دەکەن و دەچنە خزمەت بارزانی نەمر، بارزانی ئەوکاتەی چاوی بەم ژمارە چالاکڤانەی گەنجی کورد لەفەقێ و مەلایان دەکەوێت، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی، ئامادەیی خۆشی نیشاندەدات بۆ هاوکاری کردنیان.


پەرتووکی سەربردە-ی محەمەدی مەلاقادر ئەگەرچی تەنیا لەزاری کەسێکەوە ئەم بیرەوەرییانە وەرگیراون، بەڵام ناوەڕۆکەکەی دەوڵەمەندە بەوەی کاتێك سەربردەی مێژووی شۆڕشی نەتەوەیەك بەرجەستە دەکات لەپێناو گەیشتن بەمافە زەوتکراوەکانی، بەتایبەتی مێژووی گەلی کورد لەسەدەی ٢٠دا، بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر شۆڕشی بەرپاکردووە، هەربۆیەش تیشك خستنەسەر ئەم رۆژگارە تاریکانە وێڕای دەرخستنی هەقیقەت، کارێکی نیشتمانپەروەرانەشە.

لەوێستگەیەکی دیکەی بیرەوەرییەکانی سەربردەدا، مرۆڤ ئەو بزاڤ و هەوراز و نشێوانەی بۆ ئاشکرا دەبێت، کە محەمەدی مەلاقادر لەسەر زاری خۆیدا دەیگێڕێتەوە، ئەو کوڕی رۆژگارێك بووە کە لەکوردستان هیچ نەبووە، نە کارەبا نە رادیۆ، نە تەلەڤزیۆن، نە سینەما، قوتابخانەش تەنیا لەشاردا هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ لەدوای خەباتی ٦٣ ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان توانراوە سیمای جوانی ئەو بەرخۆدان و سەرهەڵدان و گەشەسەندنەی کوردان بگاتە چڵەپۆپە کە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لەکاتێکدا ئەم ئەزموونەمان بیست ساڵی تەمەنی تەواو نەکردووە، زۆر نائەقڵانییە. جگە لەوەی ئەمڕۆ لەسایەی ئەم بەرخۆدان و خۆڕاگرییە، بەئارامی و سەقامگیری دەژین، خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەی قەزایی خۆمانین، بۆیە دەبێ بەمشێوەیە وەڵامی کەسوکاری شەهیدان بدرێتەوە و کاروانی خەبات گەشاوەتر و بەخێر و بەرەکەتتر بێت.

# چۆن دەلال ڕفێندرا؟

ئەرکی پەروەردەی منداڵ بە پلەیەك لەسەرشانی دایك و باوکە و ئەوان بەرپرسیارن لە چۆنییەتی پەروەردە کردنی ئەو منداڵە، جا بەیانی منداڵێکی زیرەك و بە کەڵکی لێ دەرچێت یاخود پیاوکوژ و جەردە و بەدڕەوشت، بۆیە منداڵ هەرگیز تاوانبار نییە لەو کارانەی کە لە داهاتوودا دەیکات، پێویستە لەسەر دایك و باوك، منداڵەکانیان لەسەر پەروەردەیەکی ڕاست و دروست و زانستییانە پەروەردە بکەن، نەوەکو ئەمجۆرە پەروەردەی کە (دەلال)ی تێیدا پەروردە کراوە.

(دەلال) کچێکی تەمەن (٢٠) ساڵانی ڕشەئەسمەری باڵابەرز بوو، زۆر بەپەشۆکاویم چاو فرمێسکەوە و گوێم لێ بوو دەیگوت: نەخێر نامەوێ کەس ببینم و کەس بێتە لام بەتایبەتی دایك و باوکم، چونکە ئەوان بوونە هۆکاری ئەوەی من وام بەسەر بێت و بێمە ئەم شوێنە، زۆربە غەمباری و داماوی چوو لە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشت دوای کەمێك بێدەنگی دیاربوو خەیاڵی دوور ڕۆیشتبوو، بەرەو سەردەمی منداڵییەتی و یادی شەڕ و یاری منداڵانەی دەکرد ئەو تەنیا بە جەستە لەوێ بوو، بەڵام بە بیروخەیاڵی گەڕابۆوە تەمەنی منداڵییەتی، حەزم کرد لێی نزیك ببمەوە و تا ڕاستی بەسەرهاتەکەیم بۆ باس بکات، کە سڵاوم لێکرد گوێی لە دەنگم نەبوو، بۆیە دووبارەم کردەوە و زۆر بەبێ تاقەتی سەلامەکەی وەرگرتمەوە کە خۆم پێی ناساند و داوام لێکرد و باسی بەسەرهاتی خوێیم بۆ بگێڕێتەوە سەرەتا ئامادە نەبوو، بەڵام دوای وەرگرتنی چەند بەڵێنێك لێم ئەوکات ئامادەیی خۆی دەربڕی کە باسەکەم بۆ بگێڕێتەوە، (دەلال) بەچاوێکی پڕ فرمێسك گوزارشتی لەبەسەر هاتی خۆی کرد: گوتی: ناوم (دەلال)ە و نیشتەجێی یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەرن شاری (....) و لە خێزانێکی هەژارو کەمدەرامەت پەروەردە بوومە، خێزانەکەم لە چوار کچ و چوار کوڕ لەگەڵ دایك و باوکم پێکهاتووە، کە هەردەم جیاوازی زۆریان لە نێوان کچەکان و کوڕەکان دەکرد، من دووەم کچی خێزانەکەمم، ئەو پەروەردەیی کە ئێمەی تیا گەورە بووە پەروەردەیەکی سەقەتی بێ مانا بوو، هەربۆیەش من گەیشتمە ئەو ڕۆژە کە هەتا ماوم برینەکانم سارێژ نابێت و لە دۆزەخێکی هەمیشەیی دەژیم، دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی پڕ خەم، دووبارە گوتی: بەداخەوە دایك و باوك دەبێ بەرپرسیاریەتی منداڵەکانیان بخەنە ئەستۆ چونکە ئەوان بەرپرسیارن لە هەر هەڵەیەکی کە ئەو منداڵە دەیکات، بەڵام بەداخەوە دایك و باوکی من بەرامبەر ئێمە هیچ کات هەستیان بەو بەرپرسیارییەتیە نەدەکرد، لەبیرمە کە منداڵ بووم ڕۆژانە و لەسەرهەڵەیەکی زۆر بچوك لێیان دەدام و ڕاویان دەنام و منیش ڕام دەکردە دەرێ و هەندێ ڕۆژ هەبوو بەبێ نانخواردن کە بە دزی دەگەڕامەوە ماڵ، بە چاوی پڕ فرمێسك لەسەر جێگاکەم خەوم لێ دەکەوت، دایك و باوکی من ئەمجۆرە دایك و باوکە نەبوون بە قسەی خۆش و بە ئامۆژگاری لە گەڵماندا بدوێن، تا هەڵەی پێشوو دووبارە نەکەینەوە، بۆیە بۆ بەیانی هەمان هەڵەی پێشوومان دەکردەوە و هەمان بەزمی ئەوانیش دەستی پێ دەکردەوە، ئێمە نەمان دەزانی خۆبە چی خەریك بکەین، یەك دوو کاتژمێر لە یاری ناو منداڵ و دوای ئەوەی لە لەوەڕاندنی مەڕ و بزن دەگەڕاینەوە کەوا ماستی بەیانیانی پێ دەدایین، چونکە لە گوندەکەی ئێمە قوتابخانە نەبوو ئەوە چەند ساڵێکە قوتابخانەیان لێ دروست کردووە، بۆ ئەوەی بچینە قوتابخانە و فێری خوێندەواری بین بەڵام بەم دواییە کەمێك خوێندەواریمان لە منداڵە قوتابییەکان وەرگرت، بووینە نیمچە خوێندەوارێك، تا گەیشتمە تەمەنی (١٨-٢٠) ساڵان دایك و باوکم هەر هەڵسوکەوتی منداڵیان لەگەڵ دەکردم و لە بچووکترین هەڵە گوێم لە قسەی ناخۆشی ئەوان دەبووەوە، بۆیە بڕیارمدا ئەمجارە ماڵ جێبهێڵم و بچمە ماڵی خوشکم لە گوندی (....) لە گوندەکەی خۆمان دەرچووم، چوومە سەر ڕێگا و و ئۆتۆمبیلێك بێت داوای لێ بکەم بمگەیەنێتە ئەم گوندەم دوای کەمێك ئۆتۆمبێلێکی ژمارەی نینوی لە تەنیشتم ڕاوەستاو دوو کەسی تێدا بوو پیان گوتم بۆ کوێ دەڕۆیت بتگەیەنین؟ گوتم: دەچمە گوندی (....) گوتیان باشە سەرکەوە لەسەر ڕێگاو منیش لەگەڵیان سەرکەوتم، بەڵام دوای کەمێك لە ڕێگای قیرلایاندا و کەوتنە ڕێگای خۆڵ منیش یەکراست دەستم بە هاوار کرد و گوتم: بۆ کوێم دەبەن، گوتیان: دەمەت داخە و قسە مەکە ئەگینا ئێستا لێرە دەتکوژین، ڕۆیشتین تاو گەیشتینە شاری موسڵ لەوێ منیان بردە خانوویەك کەسی تیادا نەبوو دەرگایان لەسەرم داخست و بۆ دوای نیوەڕۆ یەکێکیان گەڕاوە لام، هەوڵیدا خۆم لێ نزیك بکاتەوە، بەڵام من خۆم نەدەدا دەست ئەو هەوڵی چەند جارە کردەوە ئەمجارەیان بەهۆی لێدان و توندوتیژی دەستدرێژی سێکسی کردە سەرم، ئەم کارەش بە جارێك و دووجار کۆتایی نەهات، بەڵکو چەندین جار دووبارە بۆوە، چەند ڕۆژ بەمجۆرە مامەوە دەبوایە ڕۆژانە خواردنیان بۆ ئامادە بکەم، ڕۆژێك هەوڵی ڕاکردنم دا، بەڵام زانیان و منیان گرتەوە و زۆریان لێدام، ڕۆژێك مریشکێکیان هێنا و گوتیان بۆمانی ئامادە کە، منیش خۆم بە مریشکەکە خەریك کرد و بیرم لە دەرباز بوون و خۆ ڕزگارکردن کردووە کە هەردووکیان چوونە ژوورەوە، منیش دەرگام لەسەریان داخست و ڕامکردە دەرەوە، خۆم گەیاندە سەرشەقام و دەستم لە ئۆتۆمبیلێك بەرز کرد و ڕای گرت، گوتم دەکرێ هەتا کۆمەڵگای (....) بمگەیەنێ گوتی: سەرکەوە منی بردە نزیك بازگەی ئەم کۆمەڵگایە و گوتی: دەکرێ ئێستا دابەزی ئەوە بازگەی ئەم کۆمەڵگایەیە، منیش دابەزیم و چوومە لایان وباسی بەسەرهاتی خۆم بۆکردن، هەر لەوێ داوای ژمارەی مۆبایلی باوکمیان کرد، بەڵام نەمدەزانی چونکە حەزم لە گەڕانەوە بۆ دۆزەخی ماڵ نەبوو، ئێستاش وا دەمبینی لێرە گیرساومەتەوە و خەڵکەکە منیان ڕەوانەی ئەو سەنتەرە کرد و ئێستاش لە ژێر پارێزگاری ئەواندام.



ئا: خەندە گۆران

# خوێنی بەیار لە ئەستۆی کێدایە؟



ئا: خەندە گۆران

ئەو کچە هەڵەیە کە بەمجۆرە بیردەکاتەوە، چونکە خۆشەویستەکەی کارێکی خراپی کرد، کاتێك دەستی چووە گیانی خۆی و بەو جۆرە وەڵامی زوڵمی دایك و باوکی دایەوە، پێویستە ئەو راستییە بزانێ کە مردنی خۆشەویستەکەی کۆتایی دونیا نییە و سەرباری نەهامەتی و ناخۆشییەکان، ژیان هەر بەردەوامە و دەکرێ جوانتر لەداهاتووی خۆی بڕوانێ.

ئەوەی کە سەرنجی راکێشام ئەو کچە بوو لەنێو قوتابییەکان کە سەرتاپای جلەکانی رەش بوو، ماوە ماوە بیر و خەیاڵی دوور دەڕۆیشت و یەکێك لە دەستە خوشکە قوتابییەکانی بە ئاگایان دەهێنایەوە، دووبارە دەیان هێنایەوە نێو کۆڕی گفتوکۆکان، زانیم رۆیشتنی بیر و خەیاڵی ئەم کچە نهێنییەکی شاراوەی لە پشت حەشار دراوە، بۆیە حەزم کرد لە نزیکەوە ئەم نهێنییە شاراوە بزانم ئەوە بوو ژمارە مۆبایلەکەم لە یەکێك

لــە هاوڕێكانی وەرگرتــوو هەمان ڕۆژ پەیوەندیم پێوە كرد، سەرەتا حەزی نەكرد لەخۆی زیاتــر كەس بەم نهێنییە بزانێت، بەڵام كاتێ هاتینە سەر قسەكردن لەبارەی كێشــە و گرفتەكانی نێــو كۆمەڵگا كە دەرەنجام دەبێتــە هۆی ڕوودانی چەندین كارەســاتی گەورە و دڵتەزێن، بەمجۆرە قەناعەتم پێیكرد بەســەرهاتەكەی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە.

**سەرەتای چیرۆكی خۆشەویستی**


ئەو كچە گوتــی: كاتێ ڕووبەڕووی داواكاری (بەیــار) بوومــەوە قوتابــی شەشــی ئامادەیی بووم، بەڵام ڕەوشت و هەڵسوكەوتی وای لێكردم داواكەی ڕەت نەكەمەوە، چونكە كاتێ قســەم لەگەڵدا كرد زانیم لە ڕوخســار و هەڵسوكەوت و ناوەڕۆكیشدا شایستەی ئەوە نەبوو ڕەفزی بكەمەوە، لێرەوە خۆشەویســتی نێوانمان دەســتی پێكرد، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیم بە خوێندنەوە كەم پەیوەندیم پێوە دەكرد و، هەوڵــم دەدا پەیوەندییەكەمان كاریگەری نەكاتە ســەر خوێندنم، چونكە ئومێدی گــەورەم بە ژیــان هەبــوو، چاوەڕوانی دوارۆژێكــی گەشــم لە خــۆم دەكرد، نزیكەی ســێ چوار مانگ بەسەر ئەم پەیوەندییەمان تێپــەڕی، بەڵام بەمجۆرە دیدار و قسەكردنمان نەكردبوو، هەرچەندە ئەو داوای لێدەكردم كە بەردەوام بمبینێ، بەڵام من بڕیارم دابوو تا تاقیكردنەوەكانم ئەنجام نەدەم، قســە لەسەر هیچ شتێك نەكەین، ئەوە بوو دوا ڕۆژی تاقیكردنەوەكان بوو دیدارێكمان سازدا و یەكترمان بینی، پەیوەندییەكەمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتەو و قووڵتر دەبوو، (بەیار) كەسێك بوو خاوەن پەیامێكی جوان لە ئاوێنەی ژیانی ئەودا خەونەكانــی خۆم بەدی دەكرد هەســتم دەكرد لەگەڵ ئەودا دوارۆژێكی گەشــم دەبێت و دەتوانم بگەمە هەموو ئاواتەكانم، تا ئەنجامی تاقیكردنەوە دەرچوو چەندین دیدار و چاوپێكەوتنمان ســازدا، ئەوە بوو ناوم لە كۆلیــژی (...) دەرچوو، بەڵام پاشــان كوت و پــڕ پەیوەندییەكەمان كز بوو، ماوەیــەك بەمجۆرە ماینەوە ڕۆژێك لە ڕێگەی مۆبایلەوە پەیوەندی پێوەكردم و پێی گوتم: مەســەلەكەی لای دایك و باوكــی كردۆتەوە بــەڵام ئەوان ئامادە نین بێن بــۆ ماڵی ئێمە بــۆ خوازبێنی چونكە كچێكی ناســیاوی خۆیان پێش دوو ســاڵ لەمەوبەر بۆم داخواز كردووەو دەڵێن دەبێ هەر ئەو بهێنی، ئەویش زۆر دڵگــران بوو بەو كچە و تەنانەت لەكاتی قســەكردندا دەگریا و قسەی بەباشی بۆ نەدەكرا، پەیڤەكانی پڕ بوون لە ڕاســتی و خۆشەویســتی، من لە بەرامبەردا پێم گوت، ماڵئاوا هیچ وەڵامێكم بۆت نییە، بــەڵام هەرگیز لێت نابورم لە ڕاســتیدا لــە ناخی دڵمــەوە لێی بورابــووم و لە چاوەكانی خۆم زیاتر خۆشــم دەویســت، بەڵام بەداخەوە نازانــم تاكەی ئەمجۆرە دیاردانە لەنێو كۆمەڵگای ئێمە كۆتاییان نایەت، بۆ دەبێ دایك و باوك چارەنووسی منداڵەكانیان دیاری بكەن بۆ نابێ ئەوان بەخۆشی و ئارەزووی خۆیان دەستنیشانی ئەم چارەنووســە بكەن، بۆ دەبێ لە ژێر فشار و هەڕەشەوە ناچاریان بكەن مل بۆ داواكانیان كەچ بكەن؟ بەهەرحاڵ دوای ئــەوەی كە ماڵئاواییــم لێكرد، ئەو پێی گوتم ئازیزەكەم ئەگەر تۆ ماڵئاوابوون لە من دەكەی بەڵام مــن دەمێكە بڕیارمدا ماڵئاوایــی لە ژیاندا بكــەم، لێرەوە هەر دووكمان كۆتاییمان بە قســەكانمان هێنا بــەڵام من بە ڕاســتیم نەبــوو لەناخەوە دەســووتام، وامزانی ئەمیش وەكو جاران تەنیا لە بەرمن وا دەڵێت دوای كەمێكی تر وەكو جاران پەیوەندیــم پێوە دەكاتەوە، ئەم قســانەمان دەمەو بەیانی بوو، بەڵام كات گەیشــتە چوار و پێنجی ئێوارەش هەر پەیوەندی نەكرد، بەڕاستی نەمتوانی چیتر خۆم پێ ڕانەگیرا قسەی لەگەڵدا نەكــەم وامدەزانی ڕوح لە جەســتەمدا نییــە و شــتێكی بە نرخم ونكــردووە و جەستەیەكی بێ هەست و گیانم، ئەوكات زانیــم دنیا هیچ تام و مانایەكی بێ ئەو نییە، بۆیە زەنگم بۆ لێدا بەڵام هیچ وەڵام نەبوو، بۆ جــاری دووەمیش وەڵام نەبوو، كات بووە دوانزەی شــەو هیچ هەواڵێكم دەربــارەی نەزانی، نازانم شــەوم چۆن بەڕێ كرد و بەیانی زوو بەرەو شــوێنی كارەكــەی كەوتمە ڕێ، هەواڵیم پرســی بەڵام دیاربوو ئەوانیش هیچیان دەربارەی نەدەزانی، چونكە تــازە ماوەیەكی زۆر كەمبوو لەم شــوێنە دامەزرابوو، ئەوەندە تێكەڵ نەبوو لەگەڵ فەرمانبەرەكان، بۆیە ئەو ڕۆژە زۆر بێ تاقەت بووم نەمتوانی بچمــە كۆلێژیش، پەیوەندیم بە یەكێك لە هاوڕێكانم كرد و پێــم گوت مۆڵەتم بۆ وەربگــرێ، ڕۆژی دوایش هەر بەمجۆرە مامەوە و هیــچ هەواڵێكم دەربارەی ئەو بەدەســت نەكەوت، لە چركەیەكدا دە جار پەیوەندیم دەكرد تا لــە پەیوەندییەكیاندا گوێم لە دەنگی كەســێك بوو پێی گوتم فەرموو، گوتم: توخــوا ئەگەر زەحمەت نەبێ دەمەوێ قســە لەگــەڵ (بەیار) بكەم، تكایــە بەڵام ئەو پێی گوتم ببورە ناتوانێ قســە بكات، باری تەندروستی باش نییە و لە ژێر چاودێری دكتۆردایە، خەریــك بوو ببورێمەوە گوتم، كەســێكم كوشت گیانێكم كوشت خۆشەویستێكم لە دەست چوو، تاسام و گیانم كەوتە لەرزین، وامزانی تاوانێكم كــردووە، بەخۆم گوت من هۆكاری كوشــتنی (بەیــار) بووم، بەڵام ئەو پێی گوتــم نەخێر تۆ تاوانبار نیت بەڵكو تاوانبار دایك و باوكین، حەزم كرد ڕاســتی شــتەكە بزانم، ئەو كابرایە گوتی: چەند ڕۆژێك لــە مەوبەر دایك و باوكــی و خزمەكانی لە ژێر فشــار و هەڕەشــەدا (بەیار)یان بــردووە بۆ ماڵی ئەو كچــە و ئەو كچەیان بــە زۆر لێ مارەكردووە و ئــەوە چەند ڕۆژە لەم ماڵە بەس شــەڕ و ناخۆشییە و (بەیار) بەهیچ جۆرێ بەم كچــە ڕازی نەبووە، هەر لە ڕقی ئەوانیش بڕیاری مەرگی بەســەر خۆی ســەپاند، ئێمە لەو قسانە دابووین كاتێــك دەنگی گریــان و هاوار هاواری كەس و كاریم لە نێو موبایلەكە گوێ لێ بوو، بۆیــە موبایلەكەی داخراو زانیم كە (بەیار) گیانی سپاردووە و ماڵئاوایی لە ژیان كــردووە، ئەو كات هەر بەم ناوەختە و بە پەلە خۆم گەیاندە نەخۆشــخانە كە گەیشــتم تازە جەنازەكەیان دەردەهێنا بۆ ئەوەی بیبەن بۆ دادی پزیشــكی، هاوار و گریان و ڕۆڕۆی دایك و خوشكەكانی ئــەم ناوەی پڕ كردبــوو، منیش خۆم بە كەسێكی زۆر بێ دەسەڵات و لاواز دەهاتە بەرچاو كە بەرامبەر ئەو كارەساتە هیچم پێ نەدەكرا، بۆیە بە چاوی پڕ فرمێسك و دڵێكی پــڕ لەخەم گەڕامەوە ماڵەوە و لەو ڕۆژەوە بڕیارمداوە چۆن (بەیار) ئەم دنیایەی نەبینی منیش وەكو ئەو بە جلی ڕەش و چاویلكەی ڕەشــەوە سەیری ژیان و دونیا بكەم.

**ئەو كچە هەڵەیە كە بەم جۆرە بیردەكاتەوە، چونكە خۆشەویستەكەی كارێكی خراپی كرد، كاتێک دەستی چووە گیانی خۆی و بەو جۆرە وەڵامی زوڵمی دایك و باوكی دایەوە، پێویستە ئەو ڕاستییە بزانێ كە مردنی خۆشەویستەكەی كۆتایی دونیا نییە**

# یەکسانی ژێندەری و هاوڵاتیبوون

**کوردیش هاوشێوەی سویدییەکان دەتوانێ سیستمی ئەمبۆدسمان بۆ پرسی یەکسانی ژێندەری دابڕێژێ؟**

## چەندە یەکسانی ژەندەری و ئینتنی لە کوردستان فەراهەم بێ، ئەوەندە هەستی ئینتیما و هاوڵاتیبوون بەهێزدەبێ



ئەگەر لەسوپەرمارکێتێکی سوید (١٠) کارکەر لەنێرومێ کار بکەن (ئەمبۆدسمان) داوای راپۆرتێک لەخاوەنی کارگەکە دەکات کە بەچ شێوازێک توانیویەتی یەکسانیان لەنێوان بکات



**"بێ بوونی یەکسانی ژەندەری شارستانییەتی مرۆڤایەتی ناکامڵ و پێنەگەیشتووە"**
**-شوبنهۆر-**

فەیلەسوفی بەناوبانگ (شۆبنهۆر) دەڵێت "هەندێك، ژیار و شارستانییەت تەنیا لەدروستکردنی باڵەخانەی زەبەلاح و رێگاویان و هێڵەکانی تەلەفۆن و گەیاندن دەبینین بێئەوەی بزانن کە شارستانییەتی نوێ واتای رەتکردنەوەی جیاکاریی و خوڵقاندنی یەکسانییە".

شوبنهۆر، کە بەفەیلەسوفێکی گاڵتەجاڕ ناسراوە پێیوایە بێ بوونی یەکسانی ژەندەری شارستانییەتی مرۆڤایەتی ناکامڵ و پێنەگەیشتووە و دەڵێت: "کەسی شارستانی و پێشکەوتوو ئەو کەسەیە کە باوەڕی بەیەکسانی هەیە و لەئەرك و مافدا جیاکاری لەنێوان نێر و مێدا ناکات".

یەکسانی "Equality" وەك چەمکێك لەسەدەی هەژدەهەمی زاینیدا هاودەم لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی و پیشەسازیدا لەنێو منداڵدانی ئەو شۆڕشەدا هاتە لەدایکبوون، ئەو چەمکە لەکورتترین پێناسەیدا واتای رەتکردنەوەی جیاکاریی چینایەتی و ئیتنی و فیکری و رەگەزی دەگەیەنێت.

بەمانایەکی دیکە، هەموان بەجیاوازی ئینتیمای نەتەوەیی و فیکری و ژەندەری و هەتا رەنگی پێست و دەموچاویش یەکسانن و هەر نادادییەك لەمانە دەچێتە خانەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە.

کرۆك و ماهییەتی یەکسانی، رەتکردنەوە و قەڵاچۆکردنی هاڵاواردنە لەئەرك و مافەکاندا، بەتایبەتیش جیاکاریی لەنێوان نێرومێدا، یەکسانی رەگەزی بەمانا فراوانەکەی زۆر روو و لایەنی ژیان لەخۆدەگرێت، بەتایبەت ئەو لایەنانەی پەیوەستن بەماف و گوزەرانی ژنانەوە، تەنیا مافی کارکردن و پێدانی میرات و خوێندن...تد بەس نین بۆئەوەی بڵێین ژنان هاوتای پیاوانن لەمافەکاندا، پێویستە پێداگیری و وردبوونەوە لەوە بکرێ ئایا ئەو مافانە تەنیا دیکۆر و ماکیاژن یان مافی راستەقینە؟ ئایا لەمەشدا ئافرەتان گومڕا و هەڵخەڵەتێنراون؟

لێرەوە پرسی یەکسانبوون لەنێوان نێر ومێدا وەك پرسێکی ژەندەری خۆی قووت دەکاتەوە، واتە چۆن پیاو رەگەزێکی سەربەخۆیە، ئافرەتیش بەهەمان شێوە، مێینەش وەك ژەندەرێك هیچ کەموکورتییەکی نییە، بەڵکو لەرووی بایۆلۆژییەوە تایبەتمەندی ئەوتۆی هەیە کە لەپیاواندا بەدی ناکرێت، هەر ئەو تایبەتمەندلییانەش "دووگیان بوون و بەخێوکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ"بەشێکن لەنهێنییەکانی ژیانی و بەردەوامبوونی. پێویستە لەکاتی دارشتنی مافە مەدەنییەکاندا حسابیان بۆ بکرێت.

ئەمرۆ پرسی یەکسانی ژەندەری پرسێکی دوورمەودا و فرە رەهەندە، سەنتێزی سیاسی و ئیتنی هەیە، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەندێ لەولاتانیش بەپرەنسیبی "هاوولاتیبوون"ی دەبەستنەوە، بەچەشنێك لەهەر ولاتێکدا چەند یەکسانی ژەندەری و ئیتنی فەراهەم بێ ئەوەندە هەستی ئینتیما و هاوڵاتیبوون بەهێزە. ئەوروپییەکان، بەتایبەتی وڵاتانی ئیسکەندەنافیا چەمکی یەکسانی بوونیان لەوە فراوانتر کردووە لەوەی تەنیا ژەندەر یان هاوڵاتی خۆیان بگرێتەوە، بەڵکو بەئایدیایەکی ئینسانیانەی گشتگیر تەماشای مەسەلەکە دەکەن، ئەوان هەوڵیانداوە لەرێی یاسا ئیداری و مەدەنییەکان مافی یەکسانی بوون بۆ ئەو سەدان هەزار پەناهەندەش فەراهەم بکەن کە روویان تێکردوون، وڵاتی فینلەندا و سوێد دوو تەجرەبەی مودێرن و سەرکەوتووی هێنانەدی یەکسانی ژەندەرین.

لەفینلەندا ژنان و پیاوان هاوتای یەکلین لەمافەکاندا، لەوێدا یاسایەك هەیە بەناوی (یاسای یەکسانی) کە راستەوخۆ لەلایەن هەیئەتێکی رەسمییەوە بەناوی (مەندوبی یەکسانی) چاودێری دەکرێت، هەر لەولاتی فنلەندا جگە لەو هەیئە فەرمییە چەندلین کۆمەڵە و رێکخراوی داکۆکیکار لەیەکسانی ژەندەری هەنە، دیارترینیان کۆمەڵەی (سیتا Seta)یە، کە وەك رەقیبێك چاودێری پرسی یەکسانی دەکات.

لەسوێدیش سیستمی (ئەمبۆدسمان) سیستمێکی فەعال و چالاکە لەڕوویەڕووبوونەوەی نادادی و نایەکسانی، (ئەمبۆدسمان) دەستەیەکە کەسانێکی بژاردە لەخۆدەگرێت کە چاودێری ئەدای کاری فەرمانبەر و پیاوانی دەوڵەت و دیاردەکانی نێو کۆمەڵ دەکات، ئەو دەستەیە راپۆرت و زانیاری بۆ پەرلەمانی سوێد بەرز دەکاتەوە، بەڵام بۆی نییە چاودێری کاری ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران بکات، لەساڵی ١٩٨٠ یەکەمین نووسینگەی (ئەمبۆدسمان) ی تایبەت بەکاروباری یەکسانی ژەندەری کرایەوە، ئەم نووسینگەیە ورد و فەعالانە بەدوای ئەو کردار و دیاردانە دەچێ کە بۆنی جیاکاریی لێدێت. بۆ نموونە، ئەگەر لەسوپەرمارکێتێکی سوید (١٠) کارکەر لەنێرومێ کار بکەن (ئەمبۆدسمان) داوای راپۆرتێك لەخاوەنی کارگەکە دەکات کە بەچ شێوازێك توانیویەتی یەکسانیان لەنێوان بکات. بەکورتی سوێد بەهۆی یاساو ئەو سیستمەوە توانیویەتی تا ئاستی بنبڕکردن، جیاکاری قەڵاچۆ بکا و یەکسانی ژەندەری بخولقێنێ.

لای خۆشمان، کە کار بۆ کاڵکردنی جیاکاریی رەگەزی و هێنانەکایەی یەکسانی کراوە، بەڵام هێشتا نایەکسانی ژەندەری باڵا و زەقترە، ئایا کەموکورتی لەیاسا و شێوەی دانانی مافە مەدەنییەکانە، یان باڵادەستی عادات و تەقالیدە کۆمەڵایەتییەکان؟ یان هەموو ئەوانە ناتەواون؟ گەر وایە پێویستە لەکوێوە دەست پێبکەین؟ چ مودێلێك شیاو و هاوتای کۆمەڵی ئێمەیە؟ ئایا کوردیش شێوەی (سوێد) پێوسیتی بە(ئەمبۆدسمان) نییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەمانە، شارەزایانی بواری هەڵاواردن و یەکسانی ژێندەری وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.

**وڵاتانی ئیسکەندەناڤیا چەمکی یەکسانی بوونیان لەوە فراوانتر کردووە لەوەی تەنیا ژەندەر یان هاوڵاتی خۆیان بگرێتەوە، بەڵکو بەئایدیایەکی ئینسانیانەی گشتگیر تەماشای مەسەلەکە دەکەن**



### فەرزانە داڤاری ئەندامی گرووپی ئافرەتانی جیهان بۆ ژیان (WWFL) لەئەمریکا بۆ گوڵان:

# هەر کۆمەڵگایەک نایەکسانی جێندەری تێدابێت کۆمەڵگایەکی تەندروست نییە

**پێویستە ئافرەتان خۆیان بڕیار لەسەر جەستەی خۆیان بدەن و خۆیان بڕیار بدەن دەیانەوێت لەگەڵ کێ هاوسەرگیری پێکبهێنن و کەی دەیانەوێت منداڵیان ببێت**

*** چوارچێوە گشـــتیەکەی جیاکاریی یان نایەکســـانی جێندەری چی دەگرێتەوە؟ چۆن دەتوانین بیناسێنین؟**

- نایەکســـانی جێنـــدەری دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەنـــدی نێوان پیاو و ئافـــرەت کە مافی یەکســـانیان نییە. ئەو جیاکاری یەکســـانەیە لەکۆنەوە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئابووری، بـــۆ نموونـــە پیـــاوان خاوەنی ئابـــووری و کشـــتوکاڵکردن بوون و بڕیار بەدەستی ئەوان بووە، بەڵام ئافرەتان تەنهـــا کاری ناوماڵیان کـــردووە و منداڵەکانیان بەخێوکردووە، بەمەش نایەکســـانی دروســـتدەبێت. ئەم بارودۆخەش سەدان ساڵ بەردەوامی کێشا و دواتر ئافرەتان دەســـتیان بەهەوڵدان کرد بۆ بەدەســـتهێنانی مافەکانیان، بەتایبەتی لەسەردەمی شۆڕشی پیشەسازی کاتێك بینیان ماف و دەسەڵاتیان هەیە و پێویستە مافەکانیان بگەڕێننەوە. دوای ئەمەش بزووتنەوەکانـــی ئافرەتان و فێمینیزم ســـەریهەڵدا و لەپێناو مافەکانیان دەســـتیان بەخەباتکـــرد. ئەمـــە نایەکســـانی جێندەریە کـــە لەڕاســـتیدا لەهەموو پێوەر و ڕەوشـــتە کۆمەڵایەتـــەکان بەقووڵی ڕەگـــی داکوتاوە، چونکە ئەم نایەکسانیە بۆ چەندین سەدە پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. لەهەموو کولتوورێکیشدا ئامادەگی هەیە.

***فەرزانە داڤـــاری، کە بەڕەچەڵەك ئێرانییە و لەئەمریکا دەژیت. چالاکڤانێکی بـــواری ئافـــرەت و مافەکانـــی مرۆڤە. بڕوانامەی ماستەری لەزانیاری سۆشیۆ-ئیکۆنۆمـــی (ئابـــووری کۆمەڵایەتی) لەهۆڵەندا بەدەســـتهێناوە و بەکالۆریۆسی لەکۆمەڵناسی لەزانکۆی تاران وەرگرتووە. بۆ ماوەی ٢٥ ساڵە وەك توێژەر و ڕاهێنەر و ڕاوێژکار لەبواری پلانی ستراتیژی کاری کردووە. هەروەها لەچەنـــد ڕێکخراوێکی حکومـــی و ناحکومیـــش کاری کردووە. ئێســـتاش ئەندامی گرووپـــی ئافرەتانی جیهـــان بـــۆ ژیانـــە (WWFL) کە بارەگاکەی لەئەمریکایە. خانمی داڤاری لەبارەی پرســـی هەوڵاواردنی ڕەگەزی و یەکســـانی جێندەری بەمشێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.***

*** لەکۆمەڵگـــە ڕۆژهەڵاتیـــەکان، بـــۆ نموونـــە لەکۆمەڵگەیەکـــی وەك ئێمەدا ماف یان هەلـــی کارکردن بەڕێژەیەکـــی دیار بۆ ئافرەتان ڕەخساوە، کەچی ئەوەی نایەکسانی دەخوڵقێنێـــت میکانیزمـــی بەڕێوەبردنـــی کارکردنە، نەك نەبوونـــی دەرفەتی کارکردن، واتە ئافرەتـــان کاردەکەن بەڵام لەپلە و پایە و ئاست و سەرکردایەتیکردندا هاوشێوەی پیاوان نین و پێگەی پێشەنگایەتیکردنیان پێنادرێت، ئێوە چۆن لەو جیاکاریە دەڕوانن؟**

- لەڕاستیدا ڕەخساندنی هەلی کارکردن و زامنکردنی مافە یاساییەکان نابنە هۆکاری دروستبوونی یەکســـانی. پێش هەموو شتێك دەبێت ئافرەتان هەســـت بەوە بکەن یەکسانن، لەلایەکی ترەوە پیاوانیش دەبێت بڕوا بکەن کە لەگەڵ ئافرەتاندا یەکســـانن. لەبارودۆخێکدا کە هەلی کارکردن یەکسانە و ئافرەتان دەتوانن کاریان دەستبکەوێت، بەڵام لەشوێنی کارکردندا ئافرەتان بـــاوەڕ و متمانەیان نییە کە لەگەڵ پیاواندا یەکسانن، لەبەرئەوەی هەلی تەواویان نەبووە بۆ بەرگریکردن لەبیروبۆچوونەکانیان، بۆ نموونـــە لەکۆبوونەوەیەکـــدا. ئافرەتانیش ڕانەهاتوون بەبەرگریکـــردن لەبۆچوونەکانیان و دەربڕینی بۆچوونەکانیان، لەهەمانکاتیشدا پیاونیش ڕانەهاتوون بەوەی ئافرەتان بەرگری لەبۆچوونـــەکان خۆیان بکەن و پێشـــنیاری بۆچوونەکانیان بکەن. بۆیە ئەو نایەکسانیە تا ئێستا لەشـــوێنەکانی کارکردندا بوونی هەیە. ڕەخساندنی کار و مافە یەکسانیەکان مانای ئەوە نییە یەکسانی بەرقەرار بووە.

*** جۆر و شوێنەکانی جیاکاریکردن زۆرن، لەوانە لەنێو خێزان، شوێنی کارکردن، پۆست و پلە و پایەی ئیداری و سیاسی...بەدیدی ئێوە باشترین ڕێگەچارە چییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی**

**ئەو نایەکسانییە سیستماتیکە؟**

- پرسیارێکی زۆر باشە. سەرەتا دەمەوێت بڵێم تاکە باشترین چارەسەر و یەك ڕێگا بۆ شەڕکردن لە پێناو بارودۆخێکی باشتر و یەکسان بۆ پیاوان و ئافرەت نییە. بەڵام پێموایە یەکێك لەو ڕێگایانەی بەڕاستی سوودی هەیە بۆ یەکسانی بریتیە لەڕێگەی گشتگیر. لەوکاتەی مافە یاساییەکان دابین دەکرێت، دەبێت کار لەسەر پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان یان پێوەرە جێندەریەکانیش بکرێت و خەڵکانیش لەسەر ئەم بابەتانە ڕابهێندرێن. هەروەك باست کرد لەسەر ئاستی خێزانیش پێویستە هەر تاکێك پیاو یان ئافرەت مافەکانی خۆی بزانێت و ڕێز لەبەرامبەرەکەشی بگرێت و هەوڵبدات لەیەکتر تێبگەن. لایەنێکی تری ناو خێزان بریتیە لەمافی سێکسی و زۆربوون لەنێوان پیاو و ئافرەت، پێویستە ئافرەتان خۆیان بڕیار لەسەر جەستەی خۆیان بدەن و خۆیان بڕیار بدەن دەیانەوێت لەگەڵ کێ هاوسەرگیری پێکبهێنن و کەی دەیانەوێت منداڵیان ببێت. بۆیە بەبڕوای من سەرەتا مافە یاساییەکان و دواتر دادپەروەری کە بەیەکسانی ڕێز لەپیاو و ئافرەت بگرێت. بۆیە دەڵێم سێ ڕێگەچارە بۆ ئەم جیاکاریە هەیە کە بریتیە لەڕاهێنانی کوڕان و کچان سەبارەت بەپەیوەندیەکانیان، یاسا و لایەنی دادوەری. لەڕووی ڕاهێنانەوە دەتوانیت پێوەرە جێندەریەکان بگۆڕیت و لەڕووی یاساییەوەش هەل دەڕەخسێت و پشتگیری مافەکان دەکەیت، لەڕووی دادوەریەوەش کاتێك کێشەیەك دێتە پێشەوە، وەك توندوتیژی دژ بەئافرەتان، ئەوا ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکرێت.

*** ئەی فاکتەرەکانی جیاکاریی چین؟**

- پێموایە هەموو فاکتەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات، چونکە لەمێژوودا پیاوان خاوەنی دەسەڵات بوونە و ئافرەتانیش لەئاستی ئەوان نزم بوون، بۆیە جیاکاری دروستبووە. ئەم جیاکاریەش بەردەوامی پێدراوە. دەسەڵات هەموو شتێکە، بۆیە کاتێك دەسەڵات پاڵپشتی پیاو و ئافرەت بکات، ئەوا هێز و دەسەڵاتی یەکسانیان دەستدەکەوێت و بەمەش جیاکاریی نامێنێت. بۆیەش پرۆژەی نەهێشتن و سڕینەوەی جیاکاریی ناو دەبەین بە "دەسەڵاتدان بەئافرەت"، واتە پێدانەوەی ئەو دەسەڵاتەی ئافرەت لەماوەی سەدان ساڵ لە دەستیداوە. دەسەڵاتیش فاکتەری خۆی هەیە، وەك فاکتەری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەموو ئەمانە بەشێکن لەدەسەڵات.

*** ئەگەر بەووردی تەماشای جیاکاری ڕەگەزی لەکۆمەڵگای کوردیدا بکەین، دەبینین سیمایەکی هەرە دیاری ئەو جیاکاریە خۆی لە سایکۆلۆژیەت و زهنی کۆمەڵگا و تاکی کوردیدا دەبینێتەوە نەك لەیاسا و ڕێککارە ئیداریەکاندا، گەر وایە لەڕووی کۆمەڵاتیەوە بەچ میکانیزمێك دەکرێت ڕووبەڕووی ببینەوە؟**

- وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، بۆ نەهێشتنی جیاکاری ناو کۆمەڵگا پێویستمان بەڕاهێنان هەیە لەتەمەنی بچووکیەوە بۆ ئەوەی بتوانین هەموو ئەو پێوەر و ناعەدالیەتە جێندەریانە بسڕینەوە و ئاستی هۆشیاری بەرزبکەینەوە.

*** ئاسەوار و نیشانەکانی جیاکاری لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی و تاك بە تایبەتی چۆن دەناسێنن؟**

- لەڕووی دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیەکانی نایەکسانی جێندەری، پێموایە کۆمەڵگایەکی ناتەندروست دروستدەبێت. کاتێك ئافرەت هێز و دەسەڵاتی خۆی لێ دەسێندرێتەوە، پەیوەندی ئەو لەگەڵ کۆمەڵگەدا ناتەندروست دەبێت. تۆ چۆن چاوەڕوان دەکەیت ئافرەتێك لەژێر توندوتیژی خێزان و ماڵەوەدا بێت، ئەو منداڵ و نەوانەی ئەو گەورەی کردوون بەسەرکەوتوویی و کاریگەرانە لەناو کۆمەڵگەدا کاربکەن، دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری لەسەر شوێنەکانی تری وەك قوتابخانە و شوێنی کارکردن و گرنگترینیشیان پەروەردە دەبێت. جگە لەمانەش چەندین توندوتیژی تریش دەبینین کە دەرئەنجامی نایەکسانی جێندەریە، وەك تاوان و دەستدرێژی سێکسی و بازرگانی و قاچاخیکردن بەئافرەتەوە. لەڕووی تاکیشەوە، تاك متمانەی بەخۆی نامێنێت و بڕوا بەتواناکانی خۆی ناکات.

*** لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە پێویستمان بەچ نەخشە ڕێگەیەکە؟ دەبێ سەرەتا هەنگاوەکان لەکوێوە دەستپێبکەین؟**

- لەڕاستیدا من دژی هەر چارەسەرێکم کە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بهێندرێت. پێموایە دەبێت سەرەتا لەخەڵکەوە دەستپێبکەین، پرسیار لەگروپ و جەماوەر بکەین و کۆیانبکەینەوە بۆئەوەی قسە لەسەر جیاکاریی و نایەکسانی جێندەری بکەن. هەروەها توانایان پێبخەشین بۆ ئەوەی بتوانن ئەو پێوەر و یاسایانە بدۆزنەوە کە هۆکاری نایەکسانی جێندەرین لەژیانی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان و شوێنی کارکردنیان. تۆ ناتوانیت هەروا بڵێیت ئەمانە پێوەر و هۆکارەکانی نایەکسانی جێندەرین، بەڵکو دەبێت وایان لێبکەیت بزانن نایەکسانی جێندەری چییە و لێی تێبگەن. هەروەها کارێکی تر بریتیە لەدروستکردنی تۆڕێك لەنێوان ئەو کەسانەی بە جیددی و دڵسۆزانە کار لەسەر ئەو پرسە دەکەن بۆئەوەی کۆببنەوە و زانیاریەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن و، بگەن بەپلانێکی ستراتیژی. لەم ڕێگەیەوە هەر کەسێك چارەسەرێکی بۆ کێشەکەی خۆی دۆزیبێتەوە، دەتوانێت ئەوانی تر لەگەڵ خۆیدا هاوبەش بکات و سوودی لێوەربگرن. لەلایەکی ترەوە شارەزایان و پلاندانەران لەشوێنەکانی کارکردندا کە بەرپرسی دانانی پلانن بۆ کۆمەڵگا، دەبێت هەموو شیکردنەوەیەکی جێندەری لەپلانەکەیاندا باس بکەن. بۆ نموونە من شارەزایەکم لەبواری کشتوکاڵا لەوەزارەتی کشتوکاڵ، پلانێکی کشتوکاڵی بۆ ناوچەیەك دادەڕێژم، پێویستە هەموو کاریگەریەکی یەکسانی و نایەکسانی جێندەری لەپرۆژەکەمدا شیبکەمەوە. بۆ نموونە پرۆژەکە کارگەیەکی کشتوکاڵیە، دەبێت بزانم و دیاری بکەم کە ئایا ئەو پرۆژەیە ژمارەی کارمەندانی ئافرەتی تێدا چەندە و ئایا ژمارەی کارمەندی ئافرەت بەرز دەکاتەوە یان زیانی بۆ سەر ئافرەت هەیە. بۆیە پێویستە هەموو لایەنە جێندەریەکان لە هەموو پرۆگرامێکدا لەلایەن شارەزایانەوە شیبکرێتەوە.

**پێموایە دەبێت سەرەتا لەخەڵکەوە دەستپێبکەین، پرسیار لەگروپ و جەماوەر بکەین و کۆیانبکەینەوە بۆئەوەی قسە لەسەر جیاکاریی و نایەکسانی جێندەری بکەن**



**ئافرەتان باوەڕ و متمانەیان نییە کە لەگەڵ پیاواندا یەکسانن، لەبەرئەوەی هەلی تەواویان نەبووە بۆ بەرگریکردن لەبیر و بۆچوونەکانیان**

